# بۆ پاراستنی پێگەی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستاندا پێویستیمان بەشۆڕشێکی کۆمەڵایەتییە

لە دوای ساڵی ١٩٩١،هەرێمی کوردستان بە چەند بارودۆخی سەختی سیاسی و ئابووری تێپەڕیوە، کاریگەریشی لە سەر کۆمەڵگادا هەبووە، بە تایبەت ئافرەتان کە هەمیشە هەوڵیان داوە بۆ گەیشتن بە ماف و چارەسەری کێشەکانیان و کەمکردنەوەی ئەم کاریگەرییانە. پرسی ئافرەتان و مافەکانیان جێگای بایەخی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بووەو پێوەرێکیش بووە بۆ دیاریکردنی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە وڵاتاندا و بەرەوپێشچوون، بەڕادەیەك دەستەبەرکردنی مافی ئافرەتان لە وڵاتێکدا ئاماژەیەکی گرنگ و سەرەکی بووە بۆ بەرەوپێشچوونی ڕەوشی مافی مرۆڤ لەو وڵاتەدا.

**ئەگەر سەرنج بخەینە سەر هەرێمی کوردستان دەبینین کە سەرەڕای بارودۆخە سەختەکان و قۆناغ و سەردەمە جیاجیاکان، تارادەیەکی باش پرسی ئافرەتان گرنگی پێ دراوە بۆ گەیشتن بە یەکسانی جێندەری و دابینکردنی مافەکانیان و پارێزگاری کردنیان بە شێوەیەکی گشتی**

ئەگەر سەرنج بخەینە سەر هەرێمی کوردستان دەبینین کە سەرەڕای بارودۆخە سەختەکان و قۆناغ و سەردەمە جیاجیاکان، تارادەیەکی باش پرسی ئافرەتان گرنگی پێ دراوە بۆ گەیشتن بە یەکسانی جێندەری و دابینکردنی مافەکانیان و پارێزگاری کردنیان بە شێوەیەکی گشتی، چ لەسەر ئاستی دەسەڵاتی یاسادانان بێت یان لە سەر ئاستی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بێت. پەرلەمانی کوردستان چەندین یاسای هەموار کردووە بۆ نەهێشتنی جیاکاری دژی ئافرەتان وەکو یاسای باری کەسێتیی عێراقی ژمارە ٨٨ی ساڵی ١٩٥٩، یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩، بەرکار کردنی یاسای عێراقیی نەهێشتنی بازرگانی کردن بە مرۆڤ ژمارە ٢٨ی ساڵی ٢٠١٢ لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٨، هەروەها دەستپێشخەر بووە لە دەرچوواندنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١٨، سەرەڕای هەندێک تێبینی لەسەر یاساکە، تا ئێستا لە عێراقدا یاسایەکی هاوشێوە بۆ خۆپارێزی لە توندوتیژیی خێزانی دەرنەچووە، هەمواری یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆ تەرخانکردنی ڕێژەی لە سەدا ٣٠ کورسییەکانی پەرلەمان بۆ ئافرەتان. تادوایی، لەم خولەی پەرلەمانی کوردستاندا، بۆ یەکەم جار ئافرەت وەک سەرۆکی پەرلەمان و سکرتێری پەرلەمان دەست بەکاربوون و لە هەمواری یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانیش، بوونی یەک



خەدیجە عومەر مزوری

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

ئافرەت لە ناو دەستەی سەرۆکایەتی جێگیر کرا، ئەمەش دەستکەوتێکی گرنگ بوو بۆ ئافرەتانی کوردستان.

لەسەر ئاستی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشدا بڕیاردراوە بە کردنەوەی چەندان شەڵتەر و پەناگە بۆ ئەو ئافرەتانەی هەڕەشەی توندوتیژییان لەسەرە و ناتوانن بگەڕێنەوە ناو خێزانەکانیان، هەروەها دامەزراندنی چەندین بەڕێوەبەرایەتی بۆ پارێزگاری کردن لە ئافرەتان و دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان کە دەزگای فەرمی حکومەتە بۆ دارشتنی سیاسەت و ستراتیژی حکومەت بۆ پرسی ئافرەتان لە هەموو بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، لە کابینە یەک لە دوای یەکەکانی هەرێمی کوردستان چەندین وەزیری ئافرەت هەبووە.

سەرەڕای ئەم هەوڵانە هێشتا کۆمەڵێک ئاستەنگی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی هەن لە بەردەم گەیشتنی ئافرەتان بە یەکسانی و دادپەروەری، کە پەیوەندییان هەیە بەم کولتوور و داب ونەریتەی کە لەناو کۆمەڵگادا باون، بە تایبەت زاڵبوونی دیدی پیاوسالاری و سەربەخۆنەبوونی ئابووریی ئافرەتان کە زیاتر کۆت و بەندیان دەکات، بۆیە لەگەڵ ئەم هەوڵانەدا، دەبێت پلانێک هەبێت بۆ بەرزکردنی ئاستی هۆشیاریی تاکەکانی کۆمەڵگا دەربارەی بابەتەکانی یەکسانی و جیاکاری نەکردن و کاڵ کردنەوە و نەهێشتنی دیدی پیاوسالاری و دانانی میکانیزمێک بۆ وەگەڕخستنی تواناکانی ئافرەتان و بەشداری پێکردنیان بە شێوەیەکی کارا لە گشت بوارەکاندا، هەروەها پێویستە چاودێری و بەدواداچوونی بەردەوام هەبێت بۆ ئەو یاسانەی لە خزمەتی مافەکانی ژناندان، چونکە یاسا و بڕیارو ڕێنماییەکان بەس نین بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکان، بەڵکو پێویستیمان بە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و کلتووری هەیە بۆ دەربازبوون لەعەقڵیەتی داخراوو بەکارهێنانی توندوتیژی و سڕینەوەی بەرامبەر، هەرێمی کوردستان بەئازادی و مافەکانی مرۆڤ و کرانەوەی عەقڵیەتی خەڵکەکەوە لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا جێگای ڕێزە، بەراورد بەکۆمەڵگە داخراوەکانی دەوروبەرمان جیاوازین.

**هەرێمی کوردستان بەئازادی و مافەکانی مرۆڤ و کرانەوەی عەقڵیەتی خەڵکەکەوە لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا جێگای ڕێزە، بەراورد بەکۆمەڵگە داخراوەکانی دەوروبەرمان جیاوازین**

# ڕێژەی دابڕان و وازهێنانی قوتابیان لە خوێندن لە هەڵکشاندایە

**بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی پەروەردە ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیان واز لە خوێندن دەهێنن، ژمارەی ئەو قوتابیانەی وازیان لە خوێندن هێناوە لە ساڵی خوێندنی ٢٠١٧-٢٠١٨ لەکۆی (ملیۆنێك و ٧٤١ هەزارو ٧٦٢) قوتابی (٣٤ هەزارو ٥٢٧) قوتابی بووە، ئەمساڵیش بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و پەیڕەوکردنی سیستەمی ئۆنلاین و ئەلیکترۆنی، مەزەندە دەکرێت ژمارەی ئەو قوتابییانەی لە خوێندن دابڕاون، زۆر زیاتر بێت. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان لەدیدی جیاوازەوە باس لە هۆکار و چارەسەرییەکان دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

ماجید خەلیل مامۆستای زانکۆ و سەرۆکی بەشی مێژووە لە کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی، لەسەر ئاستی خوێندنی زانکۆکان باس لە هۆکارەکانی دابڕانی قوتابیان لە خوێندن دەکات و دەڵێت: «هۆکاری وازهێنانی خوێندکار لەزانکۆکاندا بە پلە یەك هۆکاری ئابوورییە، کە وادەکات خوێندکار واز لە خوێندن بهێنێت و، ببێتە بەشێك لە پرۆسەی کۆچی گەنجان، کە بەداخەوە بۆتە دیاردەیەکی مەترسیدار، تەنانەت ئەوانەش کە خوێندنیان تەواو کردووە، دانەمەزراون، بە هەمان شێوە لە پرۆسەی کۆچی گەنجان بەشدارن، لەلایەکی دیکەوە ئەوەی خوێندکارانی بۆ ناوەندەکانی زانکۆ هاندەدا، ئەو ڕۆحە کۆمەڵایەتییە بوو کە لەنێو زانکۆکاندا بوونی هەبوو، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی و هاتنی کۆرۆنا



ئـەو دەرفەتـە چێژبەخشـانەی خوێنـدکاران نەمـا.» گوتیشـی: «خوێندنـی ئۆنلایـن لەپرۆسـەی خوێندنـی ئێمـەدا پرۆسـەیەکی نامۆیـە و ڕۆحیەتـی تاکـی کـورد قبووڵـی نـاکات، تەنانـەت ٨٠٪ی خوێندکارانـی زانکـۆ بایکۆتـی خوێندنـی ئەلیکترۆنییـان کـردووە، سـەبارەت بـە ناوەنـدە بنەڕەتـی و ئامادەییەکانیـش بـۆ سسـتبوونی مووچـە و پەراوێزخسـتنی کەرتـی گشـتی دەگەڕێتـەوە، تەنانـەت لەکوردستان تاوەکـو ئێسـتا گوتـاری پەروەردەیـی گوتارێکـی لاوازە و ڕەواجـی خوێنـدن لـە تێگەیشـتنی کولتـووری خێزانـەکان، ڕەواجێکـی بێ بەهایـە، زۆرینـەی ئەوانـەی لـە قۆناغـی ئامادەیـی واز لـە خوێنـدن دەهێنـن، لـە دەرەنجامـی زۆریـی دەرچووانـی زانکـۆ و دانەمەزراندنیانـە، بۆیـە لـە خوێنـدن نائومێـد دەبـن.» ئـەو مامۆستایەی زانکـۆ بـە پێویسـتیدەزانێت ئـەو ئاریشـەیە، چارەسـەرێکی ریشـەیی هەبێـت، جەختیـش لـەوە دەکاتـەوە کـە «نابێـت راسـتەوخۆ سیسـتەمێکی ئەزموونکـراوی ٥٠ ساڵەی وڵاتانی خۆرئاوا بێنیـن و لـە کۆمەڵگـەی خۆمـان بیچەسـپێنین، بەڵکـو پێویسـتە چارەسـەرییەکە پشتبەسـتوو بێـت بـە ڕەوشـی خوێنـدن و بیرکردنـەوەی خەڵکـی ئێـرە، ئینجـا سیسـتەمێکی هەڵێنجـراو بـە ڕەوشـی پـەروەردەی ئێـرە بـە ئاوێتـە لەگـەڵ کەڵکوەرگرتـن لـە ئەزموونـی خوێندنـی ڕۆژئـاوا.» گوتیشـی: «لەکوردسـتان هەمیشـە ئـەرزش بـۆ بەشـێك دادەندرێـت کـە لەداهاتـوودا دەسـتکەوتی مـاددی زۆری هەبێـت، خاڵـی شکسـتی هـەر نەتەوەیەکیـش لێـرەوە دەسـتپێدەکات، پێویسـتە بەهـا و ئـەرزش بـۆ دەرچووانـی زانسـتە مرۆییـەکان بگێڕینـەوە.»

دوریـا شـێروانی مامۆسـتا لەسـنووری پـەروەردەی سـۆران، سـەرەتا باسـی ئـەوە دەکات کـە «ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و عێـراق بەتایبەتـی لـەرووی تەندروسـتی و کۆمەڵایەتـی و ئابوورییەوە(بەدەرەجـە یـەك لـەرووی ئابوورییـەوە) بەهـۆکاری سـەرهەڵدانی ڤایرۆسـی کۆڕۆنـا، لـە هەرێمـی کوردسـتانیش ڕۆژانـە بـە بەردەوامـی لێـرە و لـەوێ گوێبیسـت دەبیـن، هەڵکشـانی دابـڕان و وازهێنانـی قوتابییانـە لـە خوێنـدن، ئـەوەش هـۆکاری جیـاوازی هەیـە، لەوانـە خۆپاراسـتن لـە ڤایرۆسـی کۆڕۆنـا و پێویسـت نەبوونـی توانـا و ئیمکانیاتـی مـاددی، زۆر خێـزان هـەن کـە توانـای دابینکردنـی ئامێـری پێویسـتیان بـۆ خوێندنـی ئۆنلاینـی منداڵەکانیـان نییـە، یـان خێـزان هەیـە توانـای دابینکردنـی کرێـی هاتووچـۆی نییـە، خێزانیشـمان هەیـە کـەوای پێباشـترە منداڵەکـەی لـە خوێنـدن دووربخاتـەوە، تـا کاتـی ئاسـاییبوونەوەی بارودۆخەکە.»هـاوکات دەڵێـت:» خێزانەکانیـش لەبـەر قورسـیی ئەرکـی سەرشـانیان و لاوازیـی بـاری داراییـان، ناتوانـن منداڵەکانیـان بخەنـەوە بـەر خوێنـدن، هەربۆیـەش وەك هەڵسـەنگاندنی بارودۆخەکـە پێشـنیاردەکەم: یـا ئەوەتـا خوێنـدن دوابخرێـت بـۆ دوای کۆنتڕۆڵکردنـی ئـەم ڤایرۆسـە، بۆئـەوەی منداڵـی هـەژاران بێبـەش نەبـن لـەو خوێندنـەی بـە ئۆنلایـن تێپەڕیـوە، یـا ئەوەتـا وەرزی یەکـەم بـە دەرچـوو لەقەڵـەم بدرێـن، تاکـو نادادپـەروەری نەیێتەئـاراوە.»

شـاد حەمەئەمیـن دەرچـووی زانکـۆ و ئەندامـی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان، سـەرەتا هێمـا بـۆ ئـەوە دەکات کـە «وازهێنانـی قوتابییـان لـە قوتابخانـەکان بۆتـە کێشـەیەکی گـەورە و لەهەنـدێ وڵات و شـوێن تەشـەنەی سـەندووە و، بەیەکێـك لەکارەسـاتە گـەورەکان دادەنرێـت کـە رووبـەڕووی پڕۆسـەی پـەروەردە و فێرکـردن بۆتـەوە، ئـەوەش کاریگـەری نەرێنـی لەسـەر ڕێـژەی خوێنـدەواری دەبێـت و، دەبێتـە هـۆی ڕێـژەی زۆری بێـکاری و هەروەهـا داڕووخانـی ژێرخانـی ئابووری،سـەرەڕای ئـەوەی دەبێتـە هـۆی دواکەوتنی وڵات لەرهەمـوو روویەکـەوە.» سـەبارەت بـە ڕێکارەکانـی چارەسـەرکردنی ئـەو گرفتـە گەورەیـەش دەڵێـت: «سـەرەتا پێویسـتە حکومـەت بەگرنگییەکـی زیاتـرەوە لـە پڕۆسـەی پـەوەردەو فێرکـردن بڕوانێـت، وەك گۆڕینـی پڕۆگرامـی خوێنـدن و بەسـتنەوەیان بـە سیسـتەمی پێشـکەوتووی ئێسـتا بـۆ ئـەوەی قوتابییـان کـە خوێندنیـان تـەواو کرد،بتوانـن کارێکـی سـەربەخۆ ئەنجـام بـدەن، لەکاتێکـدا ئەگـەر حکومـەت توانـای دامەزراندنیانـی نەبـوو.»

هـەر لـەو بارەیـەوە پێشـنیار دەکات: «قوتابییـان بیـر لـەوە بکەنـەوە لەداهاتـوو خۆیـان ببـن بەخـاوەن کاری خۆیـان لـە بوارەکـەی خۆیانـدا و بتوانـن کارێکـی سـەربەخۆ بکـەن و پشـت بەتوانـا و لێهاتوویـی خۆیـان ببەسـتن. هەروەهـا ئەرکـی حکومـەت و لایەنـی پەیوەندیـدارە گرنگییەکـی تـەواو بـە کەرتـی تایبـەت بـدەن و داوا لەکۆمپانیاکانبکـەن، زیاتـر قوتابیانـی دەرچـووی ناوخۆیـی لەکارەکانیانـدا دابمەزرێنـن، وەك لـەوەی پەنـا بـۆ قوتابیانـی دەرچـووی بیانـی ببرێـت.» جەخـت لـەوەش دەکاتـەوە کـە کەناڵەکانـی ڕاگەیاندنیـش دەتوانـن ڕۆڵێکـی ئەرێنـی و گرنـگ بگێـڕن لـە پێخشسـتنی پڕۆسـەی پـەروەردەو فێرکـردن و بەرنامـەی تایبەتیـان لەبوارەکانی پـەروەردەو فێرکردن هەبێت و ڕۆڵ بگێڕن لە وشیارکردنەوەی قوتابـی و کۆمەڵگـەدا و زیاتـر گرنگـی بـە درامـای پەروەردەیـی بـدەن.» گوتیشـی: «قوتابییـان پێویسـتە لـە پشـووەکاندا هەوڵـی فراوانکردنـی ئاسـتی تێگەشـتن و بەرزکردنـەوەی ئاسـتی زانسـتی خۆیـان بدەن، بـەڵام بەداخـەوە بەکارهێنانـی یارییـە ئەلیکترۆنییـەکان و تـۆڕەکانـی ئینتەرنێـت بەشـێوەیەکی بـێ پـلان وایکـردووە هـزری قوتابییـان بچـووك بکرێتـەوەو، نەتوانـن پڕۆسـەی خوێنـدن تـەواو بکـەن، ئەمـەش یـان بـە وازهێنانـی قوتابییەکـە کۆتایـی دێـت لـە خوێنـدن، یـان ئـەوەی بڕوانامەیـەك بەدەسـت بهێنێـت کـە نەتوانێـت لەبوارەکـەی خۆیـدا خزمەتـی بەرەوپێشـچوونی وڵاتبـکات.»

**زۆر خێزان هەن کە توانای دابینکردنی ئامێری پێویستیان بۆ خوێندنی ئۆنلاینی منداڵەکانیان نییە**

**خوێندنی ئۆنلاین لە پرۆسەی خوێندنی ئێمەدا پرۆسەیەکی نامۆیە و ڕۆحیەتی تاکی کورد قبووڵی ناکات**

**نابێت راستەوخۆ سیستەمێکی ئەزموونکراوی ٥٠ ساڵەی وڵاتانی خۆرئاوا بێنین و لە کۆمەڵگەی خۆمان بیچەسپێنین**

**وازهێنانی قوتابیان لە قوتابخانەکان بۆتە کێشەیەکی گەورە و لەهەندێ وڵات و شوێن تەشەنەی سەندووە و، بەیەکێک لەکارەساتە گەورەکان دادەنرێت**

# دایکی دوو منداڵی پەککەوتە باسی ئاریشەکانی ژیانی بۆ گوڵان دەکات

نەبوونی خزمەتگوزاریی پێویست ئەرکی سەرشانی خانەوادەی کەمئەندامانی قورستر کردووە، تەنانەت بووەتە هۆی هەڵوەشانەوەی شیرازەی دەیان خێزان. لەم نێوەندەدا دایك و خودی کەمئەندامەکە قوربانیی سەرەکین. نموونەی یەکێك لەو کەسانە، دایکی دوو منداڵی پەککەوتەیە کە باسی ئاریشەکانی ژیانی خۆی و منداڵەکانی بۆ گۆڤاری گوڵان دەکات، دەروونناسێکیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە جگە لە گرفتەکانی نەخۆشی و پەککەوتەیی منداڵ، دایك و باوکیشی رووبەڕووی دەیان گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دەبنەوە، بۆیە پێشنیار دەکات، حکومەت ئاوڕی جددی لەو جۆرە خێزانانە بداتەوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



«ژیانی من و هاوژینەکەم بە هۆی منداڵەکانمان کە خاوەن پێداویستیی تایبەتن، زۆر ناخۆش بوو، تەنانەت ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەگەڵ گەورەبوونی منداڵەکان، ناخۆشییەکانمان زیاتر دەبوو، دواجار دوو ساڵ پێش ئێستا باوکی منداڵەکانم بەیانییەك ڕۆیشت و تا ئێستاش نەگەڕایەوە. دەیان شەو من و منداڵەکان بە چاوەڕوانی و دڵشکاوی ڕۆژمان کردەوە، لەپێناو بەخێوکردنی منداڵەکانم لەناو ماڵەکەی خۆمدا هەموو کارێکم کردووە، لەوانە: نانکردن و چێشت لێنان و دروستکردنی شیرینی بۆ فرۆشتن.»

ئەوە قسەی ڕووناك عەلی بوو، ئەو ئافرەتێکی تەمەن ٤١ ساڵە و وەك خۆی باسی دەکات ماوەی ١٢ ساڵە هاوسەرگیری کردووە و، دایکی کچ کوڕێکە و هەردووکیان نەخۆشیی (ئۆتیزم)یان هەیە. ئەو دایکە بە نیگەرانییەکی زۆرەوە باسی ئەوە دەکات، کە هاوسەرەکەی دوو منداڵی نەخۆشی بەجێهێشتووە و بەرپرسیاریەتیی باوکایەتی پشتگوێ خستووە. هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «هاوسەرەکەم چۆن ڕۆیشت، نەگەڕایەوە، ئەوە دوو ساڵ تێپەڕی و هەواڵیشمان ناپرسێت، کەسوکارەکەشی دەڵێن سەفەری تورکیای کردووە و لەوی ژنی هێناوە، منیش تەنیا دایکێکی پیرم هەیە، ئەو خۆی چاوی لەدەست و بەزەیی خەڵکە، جگە لەدڵنەوایی ناتوانێ هاوکاریم بکات، ماڵی خەزووریشم هاتوچۆم ناکەن و دەڵێن کوڕەکەمان بەهۆی ئەو دوو منداڵە شێت بووە و ناهێڵین جارێکی تر بێتەوە لاتان.»

ڕووناك لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا زیاتر باسی کێشەکانی ژیانی خۆی دەکات و دەڵێت: «دوای ئەوەی باوکی منداڵان بەجێی هێشتبن، هەموو ئەرکەکانی بەخێوکردنی منداڵەکان کەوتە سەرشانی خۆم. ڕاستە زۆر ماندوو و هیلاکم بە خزمەتکردنی منداڵەکان و پەیداکردنی بژێوی ژیانیان، بەڵام هەرگیز بێزار نابم، چونکە خۆم بە بەرپرسیار دەزانم لە بەرامبەر بەخێوکردنیان، زۆر کەس پێم دەڵێن منداڵەکان بنێرە هەتیوخانە و حکومەت لەتۆ باشتر چاودێریان دەکات، بەڵام من خۆشی هەموو دونیا لە چاوی منداڵەکانمدا دەبینم.» گوتیشی: «کچەکەم و کوڕەکەشم نەخۆشیی ئۆتیزمیان هەیە. وەك دکتۆران باسی دەکەن، نەخۆشییەکەیان زۆر هەستیارە و دەبێت زۆر زیاتر ئاگام لێیان بێت. بەڕاستی کێشەیان زۆرە، بۆ نموونە زۆر هەوڵم داوە، فێریان بکەم خۆیان بشۆن و خۆیان پاك بکەنەوە، بەڵام بێسوود بووە، تاوەکو ئێستا خۆم پاکیان دەکەمەوە، ئێمەی دایکان کە منداڵی پەککەوتەمان هەیە، چوونە دەرەوە و سەردان و سەیرانمان لێ حەرام بووە، ئەوە ١٠ ساڵە لەناو چواردیواری ماڵەکەم خۆم و ئەو منداڵانە زیندانین.»

نزار گزالی مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕی دەروونی، لە بارەی ژیانی ڕووناك و سەدان هاودەردی ئەو دایکە دەڵێت: «کاتێك لەم بەسەرهاتە ورد دەبینەوە، دەکرێ بابەتەکە چەندین لێکدانەوە و شیکردنەوەی دەروونی لە چەندین ڕووەوە بۆ بکرێت، بە شێوەیەکی گشتی لە زانستی دەروونزانیی کۆمەڵایەتی هاوکێشەیەك هەیە، دەڵێت لەگەڵ پێشوەچوونی کۆمەڵگە گرفتە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر دەبن، سەبارەت بە کێشەی ئەو خێزانەش ناکرێ لە ڕووی دەروونییەوە بە وردی دەستنیشانی هەموو لایەنێکی گرفتەکە بکرێت، چونکە ئەو باوکە ئەگەر بیدوێنین و گویێ لێ بگرین، ڕەنگە ئەویش چەندین هۆکاری بۆ ڕۆیشتنەکەی هەبێت، هەروەها پیاوان توانای بەرگەگرتنیان لە ئافرەتان کەمترە، ئافرەت لایەنی سۆز بەسەریدا زاڵە و جاری واهەیە بەهۆی سۆزی دایکایەتی لە ڕادەبەدەر گرنگی بە منداڵە نەخۆشەکەی دەدات و، هاوسەرەکەی واهەست دەکات ئەوی فەرامۆش کردووە، هاوکات ڕەنگە ئەو باوکە لە ڕووی دەروونییەوە کەسێکی کامل نەبێت، یان ڕەنگە لە ڕووی سۆزداریشەوە کەسێکی پێنەگەیشتووە، لێرە لەبری ئەوەی لە هۆکارەکانی ڕۆیشتنی باوکەکە بکرێت، پێویستە ڕێگەچارەیەکی گونجاو بۆ خێزانەکە بدۆزرێتەوە و، پاڵپشتیی ئەو خاتوونە بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو سووتانە دەروونییەی قووڵتر نەبێت و نەبێتە هۆی نەخۆشیی دەروونی، لەکاتێکدا ئەگەری هەیە، دووچاری دەیان گرفتی جەستەییش ببێتەوە، لێرەدا ئەرکی سەرەکیی حکومەتە بۆ ئەوەی بە شێوازێك لە شێوازەکان ئەرکی سەرشانی دایکان و باوکان سووکتر بکەن و بە تێچوویەکی کەمتر منداڵەکانیان ببەنە بەر چارەسەر، چونکە جگە لە نەخۆشیی منداڵەکە، دایك و باوکەکەش ڕووبەڕووی دەیان گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دەبنەوە. بەخۆشحاڵییەوە لەئێستادا لە کوردستاندا دەرچووانی دەروونزانیمان زۆرە و دەکرێ سوود لە تواناکانیان وەربگیرێت، دەکرێ داوا لە زانکۆکان بکرێت، بەشی دیکەی پێویست بکرێتەوە، هەروەها نامەی ماستەر و دکتۆراکانیش تایبەت بێت بەم بابەتە. لەبەر ئەوەی هەر خێزانێك منداڵێکی نەخۆش، یان خاوەن پێداویستیی تایبەتیان هەبێت، ئەوا ڕاستەوخۆ لەگەڵ تووشبوونی منداڵەکە بە حاڵەتەکە دایك و باوکیش ڕاستەوخۆ تووشی چەندین کێشە و گرفتی دەروونی دەبن، لەوانە تێکچوون و شەکەتیی دەروونی، تەنانەت دایك و باوك بەهۆی ڕەفتاری منداڵەکەیان ڕووبەڕووی گوشاری گەورەی کۆمەڵایەتی دەبنەوە، بەتایبەت لەلایەن خزم و ناسیاوەکانیان و ئەو ڕۆشنبیرییە کۆمەڵایەتییە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەرجەستە نییە و وەکو حاڵەتێکی جیاواز مامەڵە لەگەڵ کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت دەکرێت، لەلایەکی دیکەوە گوشارێکی زۆری دارایی لەسەر خێزانەکە کۆدەبێتەوە و وەك دایکان و باوکانی خاوەن منداڵی ئۆتیزم باسی دەکەن، لە سەنتەرەکانی ڕاهێنان و چارەسەری ئۆتیزم پارەی خەیاڵییان لێ وەرگیراوە.»

**دوو ساڵ پێش ئێستا باوکی منداڵەکانم بەیانییەک ڕۆیشت و تا ئێستاش نەگەڕایەوە**

**تەنیا دایکێکی پیرم هەیە، ئەو خۆی چاوی لەدەست و بەزەیی خەڵکە، جگە لەدڵنەوایی ناتوانێ هاوکاریم بکات**

**ڕاستە زۆر ماندوو و هیلاکم بە خزمەتکردنی منداڵەکان و پەیداکردنی بژێوی ژیانیان، بەڵام هەرگیز بێزار نابم**

**پێویستە ڕێگەچارەیەکی گونجاو بۆ خێزانەکە بدۆزرێتەوە و، پاڵپشتیی ئەو خاتوونە بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو سووتانە دەروونییەی قووڵتر نەبێت**

